هەواڵ و چالاکی

- لەبەرواری ٢٠١٠/٧/٢٦ دا و لە هۆڵی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان و لە کاتژمێر ٥ ی پاشنیوەڕۆ دوو سیمیناری زانستی سازدرا بۆ ئەندازیاران بەم شێوەیەی لای خوارەوە:-

سیمناری یەکەم: لە لایەن ئەندازیار سەربەست حسین

بەناوی (سەلامەتی لە ئاکر) دوە بوو کە باسی لە جۆرەکانی ئاکر و جارەسەرەکانی بە کوێرەی هەندیك ستاندەرەاتی ئەمریکی و بەریتانی کە بەرای بەریزیان بە پیادە کردنیان خەلکی کوردستان سودمەند دەبن و لەهەمان کاتدا راشی کەیاند کە بەریزیان بەتەمای بنیاد نانی بروژەیەکن دزی ئاکر کەوتنەوە کە داوای لە ئامادە بوان کرد هەریەك لای خۆیەوە دەتوانن یارمەتی دەر و سەرخەری بروژەکەی بن.

سیمناری دووەم: لەلایەن ئەندازیار ئومید ئەمین حاجی فەتاح لە بەیمانکای فیو کروبی ئەندازیاری یەوە بیشکەش کرا

بەناوی (ئەندازیاری سەلامەتی و تەندروستی) کە باسی لەو ستاندەردە جیهانیانە کرد کە باس لە سەلامەتی کارمەندانی بڕۆزە ئەندازەییەکان دەکاتو بڕۆزەیەکی بەیمانکای فیوکروب ئاشکرا کرد لە بارەی (سەلامەتی کارمەندانی بڕۆزە ئەندازەییەکان) ەوە کە بیش کەش بە حکومەتی هەریم کراوە بۆ سەلامەتی خەلکی کوردستان بیویستیەکی حەتمیەو بە جی بەجی نەکردنی ئەو بڕۆزەیە جینی کریکار و تەکنیکاران زەرەر مەندی یەکەمن.

- **کۆمیتەی بالأی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان لەماوەی وەرزی هاویندا بڕیاریداوە بە کردنەوەی ئەم نوسینگە ئەندازیارانەی لای خوارەوە:**

١. نوسینگەی ئەندازیاری ئەندازە بۆ ئەندازیار ماجد عبدالحامد حەمە سعید لەبواری شارستانیدا

٢. نوسینگەی ئەندازیاری ئەکشن بۆ ئەندازیار علاء حسین سعدون لەبواری تەلارسازیدا

٣. نوسینگەی Talar Architccts بۆ ئەندازیار نزار نجم عوسمان لە بواری تەلارسازیدا

٤. نوسینگەی Safety بۆ ئەندازیار ساڤە عزت رشید لەبواری کارەبادا

٥. نوسینگەی دیلان بۆ ئەندازیار هێرش محمد مجید لە بواری شارستانیدا

- لەبەرواری ٢٠١٠/٨/٨ دا کۆبونەوەیەکی هاوبەش سازدرا لە نێوان یەکێتی و سەندیکای ئەندازیارانی کوردستاندا لە شاری کەرکوك سەبارەت بە زیاتر ڕێکخستنی ئیشوکارەکانی فدراسیۆنی ئەندازیارانی کەرکوك.

****

پیرۆزبایی

ئاگاداری

ئەندازیارانی بەڕێز ئاگادار دەکەین کە لە بەرواری ٢٠١٠/٤/٢٧ دا لە ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان و دەرچونی گۆڤاری ئەندازیاراندا.مژدەی (پرۆژەی دیاری کردنی ئەندازیاری نمونەی)مان ڕاگەیاند کە لە ساڵیادی ئایندەدا ئەندازیاری نمونەیی لە پسپۆڕیە جیاوازەکانی ئەندازیاریدا دیاری دەکەین و خەڵات و ڕێزلێنانیان پێشکەش دەکەین .

هەر بۆیە داواکارین لە سەرجەم ئەندازیاران کە :

١- ڕاو بۆچونی خۆیانمان پێشکەش بکەن دەربارەی ئەو فۆرمە سەرەتاییەی کە لە خوارەوە ئامادەمان کردووە وهەر زیاد و کەمێك لەو پرسیارانەدا کە دیاریمان کردووە پێیان باشە ئاگادارمان بکەنەوە .

٢- هەر ئەندازیارێك دەتوانێت خۆی و هەر ئەندازیارێکی تر بپاڵێوێت بۆ ئەندازیاری نمونەیی کە بە شایستەی دەزانێت .

هیوادارین بەم کارەمان بتوانین لەلایەك هانی زیاتری ئەندازیارانی بە توانا و داهێنەر بدەین و لەلایەکی تریشەوە ئەندازیارە کەم بەخشەکان هانبدەین بۆ کار و داهێنانی زیاتر لە پێناو ئاوەدانکردنەوە و جوانتر کردنی کوردستان .

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان

==========

فۆڕمی ئەندازیاری نمونەیی

- بەمەبەستی هاندان و بوژاندنەوەی گیانی داهێنان و دڵسۆزی و ئەمانەتەوە لەبیر و هۆش و کرداری ئەندازیاراندا بۆ زیاتر ئاوەدانکردنەوە و گەشەدان و پێشخستنی وڵاتەکەمان لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە بەمەستی پێزانین و بەرز ڕاگرتنی ڕۆڵ و کاریگەری کەسانی نمونەیی و داهێنەر لەناو ئەندازیاراندا و جیاکردنەوەیان لە ئەندازیارانی بێتوانا و کەم بەخشش و هەلپەرست و نائەمین و نادڵسۆز.
- یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان بە نیازە لە ساڵیادی دامەزراندنیدا لە بەرواری ٢٠١١/٤/٢٧دا ژمارەیەك ئەندازیاری نمونەیی و داهێنەر دیاریبکات و دیاری و ڕێزلێنانیان پێشکەش بکات.
- جابەو مەبەستانەی سەرەوە ئەم فۆڕمەمان ئامادەکردوە.. تکایە ڕاستگۆیانە وەلأمی پرسیارەکان بدەرەوە و زانیاریەکان بنوسە.. بەهیوای دەستنیشانکردنت وەك ئەندازیارێکی نمونەیی و داهێنەر...

١. ناوی چواری :
٢. بەرواری شوێنی لەدایکبونت :
٣. شوێنی نیشتەجێبونت :
٤. شوێنی کارکردنت :
   - دامودەزگای حکومی/
   - کەرتی تایبەت /
٥. ساڵی خزمەتی وەزیفیت :
٦. ساڵی دەرچونت لە زانکۆ :
٧. ئاستی بڕێوی گوزەرانت : لاواز ☐ مام ناوەند ☐ باش ☐ زۆر باش ☐
٨. باری خێزانیت :
٩. ئەو پڕۆژە و کار انەی دیزاین یان سەرپەرشتی یان جێبەجێت کردون
١٠. باشترین کارو پڕۆژەت کە دیزاین یان سەرپەرشتی یان جێبەجێت کردووە
١١. ئاستی ڕۆشنبیری گشتیت لاواز ☐ مام ناوەند ☐ باش ☐ زۆر باش ☐
١٢. پەیوەندی کۆمەلأیەتیت لاواز ☐ مام ناوەند ☐ باش ☐ زۆر باش ☐

دیاردەی پەنگخواردنەوەی گەرمی ناسینی و هۆکارەکانی



ئەندازیاری پاوێژکاری کیمیاوی
نەوزاد عوسمان
Nawzad_mohandis@yahoo.com

- زاراوەی ((پەنگخواردنەوەی گەرما)) بۆ یەکەم جار لەلایەن زانای کیمیاویی سویدیەوە ((سفانتی ارینۆس)) لەساڵی ١٨٩٦ی زاینی وە داهێنرا.بەهەمان شێوە زانا ارینۆس ئەو بیردۆزەیەی ئاشکرا کرد کە دەڵێت ((سووتەمەنی هەڵهێنجراوی سووتێنراو ڕێژەی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن لە بەرگە هەوادا زیاتر دەکات و ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی پلەی گەرمای زەوی, هەروەها گەیشتە ئەو ئەنجامەی لە کاتی زیاتربوونی ڕێژەی دوانە ئۆکسیدی کاربۆندا لەبەرگە هەوادا , ئەوا پلەی گەرمای گۆی زەوی بە تێکڕای ٤ بۆ ٥ پلەی سلیۆسی بەرز دەبێتەوە و بەشێوەیەکی بەرچاو نزیك دەبێتەوە لەم ڕۆشبینیانەی ئێستاوە)).

وەك ئاشكرایە كاریگەری پەنگخواردنەوەی گەرما بۆ ملیۆنان ساڵ پاڵپشتی لە زیانی سەر ئەم ئەستێرەی زەویە كردووە. وەك ئەوەی لە خانوە شووشەییەكاندا ڕوو دەدات كاتێ تیشكی ڕۆژ دەچێتە ژوورەوە گەرم دەبێت, بەڵام شووشەكە ڕێگە نادات بە هاتنە دەرەوەی بۆ ناو هەوای ساردی دەرەوە. ئەنجامیش

پلەی گەرمای ناو خانوە شوشەکە بەرزتر دەبێت لە پلەی گەرمای دەرەوە. بەهەمان شێوە کاریگەری پەنگخواردنەوەی گەرما وادەکات کە پلەی گەرمای گۆی زەوی بەرزتر بێت لە پلەی گەرمای فەزای دەرەکی.هەروەها ئاشکرایە کە بڕێکی بچووک لە گازی سووتێنەر هەیە لە هەوادا کە گەرمای ڕۆژ هەڵدەمژن بۆ ئەوەی زەوی و هەوا و ئاو گەرم بکەن کە ئەمەش دەبێتە هۆی زیندووکردنەوەی ژیان لەسەر زەوی.



- **دیاردەی پەنگخواردنەوەی گەرما چییە ؟**

دیاردەی پەنگخواردنەوەی گەرما , بریتیە لە بەرزبونەوەی لەسەرخۆی پلەی گەرمای چینەکانی خوارەوەی نزیك لە ڕووی زەویەوە لە بەرگەهەوای چواردەوری زەویدا. هۆکاری ئەم بەرزبونەوەیەش بریتیە لە زیادبوونی دەرچوونی green house gases گازە گەرمەکان یان گازی سەوزی زۆپا.
گرنگترین ئەو گازاناش بریتیە لە میثان کە دروست دەبێت لە ئەنجامی کارلێکی میکرۆبی لە کێڵگەکانی برنج و بەخێوکردنی ئاژەلاڵن و لە ئەنجامی سووتاندنی بارستایی زیندوو((ڕوەك و دارودرەخت و پاشەڕۆی ئاژەلاڵن)) وە دروست دەبێت.هەروەك لە ئاوی بۆگەنی گۆلاوەکانەوە دروست دەبێت. لە پاڵ گازی میثانیشدا, گازی ئۆکسیدی نیترۆز((پێك دێت لە کارلێکە میکرۆبییەکانەوە لە ئاو و خاك))دا. هەروەها کۆمەڵە گازەکانی وەك ((کلۆر و فلۆر و کاربۆن)) کە دەبنە هۆی ((داخورانی چینی ئۆزۆن)). هەروەها گازی ئۆزۆن کە دروست دەبێت لە چینەکانی خوارەوەی هەوادا.

- **تێگەیشتنی زاناکان بۆ پەنگخواردنەوەی گەرما**

پەنگخواردنەوەی گەرما, بریتیە لە دیاردەی بەرزبونەوەی پلەی گەرما لە ژینگەیەکدا لە ئەنجامی گۆڕان لە هاتوچۆکردنی وزەی گەرمی بۆ ئەو ژینگەیە و لێوەشی. بەگشتی ئەم زاراوەیە بە دیاردەی بەرزبونەوەی پلەی گەرمای زەوی دەوترێت لە تێکڕادا. دەربارەی هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە لەسەر

ئاستی زەوی, زاناکان دابەشبوون, هەندێکیان دەڵێن کە ئەم دیاردەیە سروشتیە و ئاو و هەوای زەوی سروشتیانە هەندێ ماوەی گەرما بەخۆیەوە دەبینێت و بەهەمان شێوە ماوەی سەرماش بەخۆیەوە دەبینێت.بەڵگەش لەسەرئەوە دەهێننەوە لە ڕێگای قۆناغی بەستەڵەك لە نێوان سەدەی ١٧ و١٨ لە ئەوروپا. وەهەندێکی تریان وای بۆ دەچن کە ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆبونەوەی گازە گەرمەکان لەبەرگە هەوادا.

- **هۆکارەکانی دەرچوونی پیسکەرەکان بۆ ناو هەوا بریتین لە :-**

یەکەم :- هۆکارە سروشتیەکان

- گڕکانەکان
- سووتاندنی دارستانەکان
- پیسکەرە ئەندامیەکان

دووەم :- هۆکارە پیشەسازیەکان

ئەوانەی لە ئەنجامی چالاکیەکانی مرۆڤەوە و بەتایبەتیش سووتاندنی سووتەمەنیە هەڵهێنجراوەکان وەك ((نەوت و خەڵوز و گازی سروشتی))

- **هۆکارەکانی ئاڵوگۆڕی کەش و هەوا**

یەکەم:- سروشتیەکان

أ. ئەو گۆڕانانەی کە ڕووەدەن بۆ خولگەی زەوی لە چواردەوری ڕۆژ و لە ئەنجامدا گۆڕانکاری لە بڕی تیشکدانەوەی ڕۆژی ڕووەدەن کە دەگەنە زەوی. کە ئەمەش هۆکارێکی زۆر گرنگە لە گۆڕانکاری ئاو و هەواداو بە درێژایی مێژوو ڕوو دەدات.کە ئەمەش دەبێتە پێشەنگ بۆ ئەوەی هەر گۆڕانێك لە تیشکدانەوەدا کاریگەری دەبێت لەسەر کەش و هەوا.

ب. تەقینەوەی گڕکانەکان

ت. گۆڕان لە پێکهاتەکانی بەرگەهەوادا.

دووەم :- ناسروشتیەکان

ئەمەش لە ئەنجامی چالاکیە جیاوازەکانی مرۆڤەوە ڕووەدەن وەك:-

أ. بڕینی گژوگیا و لابردنی دارستانەکان.

ب. بەکارهێنانی مرۆڤ بۆ وزە.

ت. بەکارهێنانی مرۆڤ بۆ سووتەمەنی هەڵهێنجراو((نەوت و خەڵوز وگاز)). کە ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی چڕی گازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن لە هەوادا.لە ئەنجامیشدا زیادبوونی پلەی گەرمای هەوای لێدەکەوێتەوە.

- لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەدەی بیستەمدا تێکچوون لە پێکهاتەکانی بەرگە هەوادا دەرکەوت لە ئەنجامی چالاکیەکانی مرۆڤدا و لە ناویشیاندا پێشکەوتنی پیشەسازی و هۆکارەکانی گواستنەوە.لە

سەردەمی شۆڕشی پیشەسازیەوە و تا ئێستاش و بەهۆی پشتبەستنی لەسەر سووتەمەنی هەڵهێنجراو لە ((خەڵوز و نەوت و گازی سروشتی)) وەك سەرچاوەی سەرەکی وزە و بەکارهێنانی گازەکانی کلۆر و فلۆر و کاربۆن لە پیشەسازیەکاندا بە شێوەیەکی فراوان.بە پای زاناکان بۆتە هۆی زیادبوونی گەرمی لەسەر ڕووی زەوی و ڕوودانی ئەوەی پێیدەوترێت ((دیاردەی پەنگخواردنەوەی گەرمی Global Warning)) و ئەمەش لە ئەنجامی زیادبوونی گازە گەرمەکانەوە دێت.



- **گازە گەرمەکان**

ئەم پێکهاتە کیمیاویانەی لای خوارەوە لە گرنگترین گازە گەرمەکانن وەك:-

١. هەڵمی ئاو
٢. دوانە ئۆکسیدی کاربۆن Co٢
٣. ئۆکسیدی نیترۆز N٢o
٤. میثان Ch٤
٥. ئۆزۆن O٣
٦. کلۆر فلۆرکاربۆن FCS

• ڕۆڵی گازە گەرمەکان

ئەو وزە گەرمیەی کە لە ڕۆژەوە دەگاتە زەوی دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی پلەی گەرمی و بە هەڵمبوونی ئاو و جۆڵەی هەوا بەشێوەی ئاسۆیی و شاقوڵی. لە هەمان کاتیشدا زەوی وزە گەرمیەکەی ون دەکات لە ئەنجامی تیشکدانەوەی زەوی کەلەسەر شێوەی شەپەنگی درێژ دەردەچێت((ژێر سوور)). بەشێوەیەك ئەو وزە گەرمیەی زەوی لە ڕۆژەوە وەریدەگرێت یەکسانە بەو وزە گەرمیەی کە دەیداتەوە. ئەم هاوسەنگیە گەرمیە دەبێتە هۆی جێگیربوونی تێکڕای پلەی گەرمی ڕووی زەوی لە ئاستێکی دیاریکراودا کە بریتیە لە ١٥ س.

گازە گەرمەکان ڕۆڵێکی زیندوو و گرنگ دەبینن لە خۆشکردنی پلەی گەرمی ڕووی زەوی بە شێوەیەك:-

- زەوی ئەو وزە دەرچوانە کە لە تیشکی ڕۆژەوە دەردەچن هەڵدەمژێت و بەشێك لەو تیشکانە دەداتەوە بەرگە هەوای دەرەکی.بەشێك لەو وزە یان تیشکانە هەڵدەمژرێت لە ڕێگەی هەندێ لەو گازانەی کە لەبەرگە هەوادا هەن.ئەو گازانەش بریتین لە گازە گەرمەکان کە ڕۆڵێکی زیندوو و سەرەکی دەبێت لە گەرمکردنی ڕووی زەوی بۆ ئاستێك کە ڕێگە بە ژیان دەدات لەسەر ڕووی زەوی.
- ئەو گازانە هەڵدەستێت بە هەڵمژینی بەشێك لەو تیشکانە کە لە ژێر سوورەوەن و دەردەچن لە ڕووی زەویەوە و هەڵیدەگرێت لە بەرگە هەوادا و بەمەش پارێزگاری لە پلەی گەرمی ڕووی زەوی دەکات بەشێوەیەکی جێگیر و بەتێکڕای سروشتی ((واتە لە سنوری ١٥ س)). خۆ ئەگەر ئەو گازانە نەبونایە ئەوا پلەی گەرمای ڕووی زەوی دەگەیشتە ١٨ س ژێر سفر.

لەوەی سەرەوە و لە ئەنجامی چالاکیە زۆرەکانی مرۆڤەوە و بە تایبەتیش پیشەسازیەکان. دەتوانین تێبینی بکەین کە:

زیادبوونی ئەو گازە گەرمانە بە ڕێژەیەکە کە زیادە لە پێویستی بەرگە هەوا بۆ پارێزگاریکردن لە پلەی گەرمای ڕووی زەوی بە جێگیری لە ئاستێکی دیاریکراودا. لەبەر ئەوەی بوونی بڕێکی زۆر لەو گازە گەرمانە و کۆبونەوەیان لە بەرگەهەوادا دەبنە هۆی هەڵگرتنی بڕێکی زۆرتر لە وزەی گەرمی لە بەرگە هەوادا و ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی پلەی گەرمای ڕووی زەوی.

• ئاماژەکانی دەسپێکردنی ڕووداتی ئەو دیاردەیە

١. لە ئێستادا هەوا ٣٨٠ بەش لە ملیۆن گازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆنی تیادایە, کە دادەنرێت بە گازی سەرەکی کە دەبێتە هۆی ڕووداتی دیاردەی پەنگخواردنەوەی گەرما, بەبەراوورد بەڕێژەی ٢٧٥ بەش لە ملیۆن لەگازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن لە هەوادا پێش دەسپێکردنی شۆڕشی پیشەسازی. بەم شێوەیە ڕێژەی چڕی گازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن بۆتە ٣٠٪ لە بەرگە هەوادا لە ئێستادا بەبەراورد لە پێش قۆناغی شۆڕشی پیشەسازیەوە.

٢. ڕێژەی گازی میثان بۆ دوو ئەوەندەی پێش شۆڕشی پیشەسازی بەرزبۆتەوە.

٣. گازەکانی کلۆر و فلۆر وکاربۆن بەڕێژەی ٤٪ سالأنە زیاد دەکات لەم ڕێژەیەی ئێستای.

٤. ئۆکسیدی نیترۆز بەرزبۆتەوە بە نزیکەی ١٨٪ لە بڕی چڕیەکەی پێش شۆڕشی پیشەسازی((بەپێی دوا ڕاگەیانراوی ڕۆژنامەوانی ڕێکخراوی ارصادی جیهانی)).

دەبینین کە ئەم گۆڕانکاریانەی کەش و هەوا بۆتە هۆی:-

أ. بەرزبونەوەی ئاستی ئاو لە دەریاکاندا لە ٠,٣٪ -٠,٧٪ پێ لەماوەی سەدەی ڕابوردوودا.

ب. بەرزبونەوەی پلەی گەرما لە نێوان ٠,٤٪ - ٠,٨٪ س لەماوەی سەدەی رابوردوودا. بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی جیهانی پەیوەندیدار بە گۆڕانکاریە کەش و هەواییەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان.

- **پەنگخواردنەوەی گەرما ((بەڕاستی دونیا دەگۆڕێت))**

بڕیارە لە ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتوەکاندا ئاشکرا بکرێت کە گۆڕانی کەش و هەوا کاریگەری زۆر گەورە بەجێدەهێڵێت لەسەر سروشتی دونیا و ژینگەکەشی, بەهەمان شێوە ڕاپۆرتی یانەی گۆڕانی کەش و هەوا تایبەت بەهەماهەنگی نێوان حکومەتەکان لەو بڕوایەدایە.کەوا کاریگەریەك هەیە و دەکرێت تێبینی بکرێت لەسەر کۆمەڵگا مرۆییەکان. گەرچی ئەو کاریگەریە لەسەر مرۆڤ کەمتر دەردەکەوێت بەبەراورد لەگەڵ سروشتدا.

کەناڵی (BBC) دوای ئەوەی کە ڕەشنوسی ڕاپۆرتێکی بینیوە هۆشداریداوە دەربارەی ئەو مەترسیانەی کە کۆمەڵگا مرۆییەکان بەرەو ڕووی دەبنەوە لە خۆگونجاندنیان لەگەڵ هەموو گۆڕانکاریە ئاو وهەوا پێشبینی کراوەکاندا.

لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە بەرزبونەوەی پلەی گەرمای گۆی زەوی بەڕێژەی ١ر٥ پلەی سەدی لە ئاست ڕێژەکانی ساڵی ١٩٩٠ وا دەکات یەك لەسەر سێی جۆرەکانی ئاژەڵ و ڕووەك بەرەو مەترسی لەناوچوون ببنەوە.

هەروەها زیاد لە یەك ملیار کەس ڕووبەڕووی کەمی ئاو دەبنەوە. هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تواندنەوەی بەفری شاخەکان و ڕوبەرە بەستووەکان کەوەك خەزانێکی سروشتی ئاوی سروشتی و شیرین وەهان.

لە ئێستادا زاناکانی دونیا لە ئەوروپا و ئەمریکا و چین و هند سەرقاڵی چۆنێتی داڕشتنی ئەو ڕاپۆرتەن کە هۆشداری دەداتە((کاریگەرە وێرانکەرەکان)) لەسەر ((ملیۆنان کەس)). زۆربەی زاناکان هۆکاری بەرزبونەوەی ئەم پلە گەرمیەی زەوی دەگێڕنەوە بۆ گازە گەرمەکان. وەك دوانە ئۆکسیدی کاربۆن کە لە ئەنجامی پیشەسازیە قورسەکان و سووتاندنی سووتەمەنیە هەڵهێنجراوەکان دەردەچن بۆ هەوای گۆی زەوی.

ئەم ڕاپۆرتە زیاد لە ٢٩ هەزار زانیاری زانستی لە خۆ دەگرێت دەربارەی جۆرەکانی گۆڕان لە کەش و هەوای فیزیاوی و بایۆلۆجی لە جیهانی سروشتدا.و لەهەمان ڕاپۆرتدا هاتووە کە ٨٥٪ ی ئەو زانیاریانە ئاماژە بۆ بەرزبونەوەی گەرمای گۆی زەوی دەدەن.

- **لێکۆڵینەوەکان دەربارەی دیاردەی پەنگخواردنەوەی گەرما**

لێکۆڵینەوەیەك دەریخستوە کە لە ڕۆژنامەی زانستی بەناوبانگی Science دا بلاوکراوەتەوە کە دیاردەی پەنگخواردنەوەی گەرما کە زەوی بەدەستیەوە دەنالێنێت دەبێتە هۆی زیادبوونی مەترسیەکانی بلاوبونەوەی نەخۆشیەکان لەناو ئاژەلاڵن و ڕوەکە وشکاوی و دەریاییەکاندا و زیادبوونی مەترسی گواستنەوەی ئەو نەخۆشیانەش بۆ مرۆڤ.

زانا((دروهارفیل)) لە زانکۆی ((کۆرنل)) کە سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوەی زانستیشە دەڵێت ((ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە ئەو پەتایانەی کە زۆر کاریگەریان لەسەرە لەلایەن کەش و هەواوە دەردەکەون لە ڕێگەی زۆر جۆری جیاوازەوە لە دروستکەری نەخۆش لە قایرۆس و میکرۆب و مشەخۆرەکانەوە و تووشی کۆمەڵەی جۆراوجۆر لە بونەوەرەکان دەبێتەوە. لەوانەش مەرجان و ڕوەکە وشکاوەکیەکان و چۆلەکە و مرۆڤیش.

زاناکان بۆیان دەرکەوتوە کە پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان بەرزبونەوەی پلەی گەرما و گەشەکردنی قایرۆس و میکرۆب و هۆکارەکانی تری نەخۆشی.

- هەوڵە جیهانیەکان بۆ لەناوبردنی گۆڕانە ئاو و هەواییەکان وڵاتانی دونیا هەستیان بەکاریگەری هاوکاری نێوانیان کردوە لە پێناو لەناوبردنی گۆڕانی کەشوهەوادا, ئەوەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا نوێیەکانەوە. کە ڕێگە دەگرن لە دەرچوونی گازە گەرمەکان. لەو پێناوەشدا چەندین کۆڕو کۆنگرەی نێودەوڵەتی سازدراون. گرنگترینیان کۆنگرەی کیۆتۆ بوو لە یابان لەساڵی ١٩٩٧دا. کۆنگرەی دووەمیش لە سویسرا((جنێڤ)) بەسترا لە نێوان ١٠/٢٩ -١١/٧/ ١٩٩٠ و هۆشداریدا لە مەترسیەکانی گۆڕانی ئاو وهەوا.کە بە چاودێری دەستەی جیهانی چاودێری کردنی کەش و هەوا و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ژینگە و ڕێکخراوی یۆنیسکۆ و ...هتد. سازدران و تیایدا زیاتر لە ٧٠٠ زانا و ١٠٠ وڵات بەشداریان تیادا کرد.

لە ڕاپۆرتی زانستی و هونەری کۆتایی ئەو کۆنگرەیەدا هاتووە:-

کە ((تێکڕای چاوەڕوانکراوی بەرزبونەوەی پلەی گەرما لەماوەی سەدەی داهاتوودا. ئەگەر نەتوانرێت ڕێگە بگیرێت لە زیادبوونی بەرچاوی گازە گەرمەکان ئەوا بەرزبونەوەیەکی بێ وێنە دەبێت.بەشێوەیەك لەماوەی ١٠ هەزار ساڵی ڕابووردودا هاوشێوەی نەبوە . کە دەبێتە هۆی گۆڕانی کەش و هەوا و مەترسیەکی گەورەش دروست دەکات لەسەر ژینگە کە ڕەنگە گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابوری لەزۆر جێگەی دونیادا ڕووبەڕووی مەترسی بکاتەوە.و لەوانەشە هەڕەشەی لەناوبردنی هەندێ دوورگەی بچوکیش بکات وەك دورگەی ماڵدیڤ و ...هتد. وناوچە نزمەکان و ناوچە وشکەکانیش)).

لەئەنجامی ئەو هەموو مەترسیانەدا کە لە ئەنجامی بەرزبونەوەی پلەی گەرمای گۆی زەویدا ڕووەدەن .لەساڵی ١٩٩٥ دا لەشاری ڕیۆدیجانیرۆ لە بەڕازیل کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بەستراو تیایدا داواکرا لە هەموو وڵاتەکان و بەتایبەتیش پیشەسازیەکان کە کاربکەن بۆ دابەزاندنی ڕێژەی گازە گەرمە دەرچووەکان.بەڵام چونکە بڕیارەکە ئیختیاری بوو زۆر لە وڵاتان جێبەجێیان نەکرد. هەربۆیە ساڵی ١٩٩٧ کۆنگرەی کیۆتۆ لە یابان سازدرا و ١٦٠ وڵات بەشداریان تیادا کرد. بڕیاری گرنگ و مولزەم دەرچوو کە تیایدا ئەمریکا پابەندکرا کە ڕێژەی گازە گەرمە دەرچووەکان بەڕێژەی ٧٪ کەم بکاتەوە و یابانیش بەڕێژەی ٦٪ و وڵاتانی یەکێتی ئەورووپاش بەڕێژەی ٨٪ و هەندێ ڕێوشوێنی گرنگی تریش گیرانە بەر بەشێوەیەك کە بە تێکڕا ڕێژەی ٥٪ ی گازە دەرچووەکان کەمبکرێنەوە. بەبەراورد بەڕێژەی ئەو گازانە لەساڵی ١٩٩٠دا.ئەم دابەزاندنەش لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٨-٢٠١٢ جێبەجێبکرێت.

دابەزاندنی ڕێژەی گازە گەرمەکانیش لە ڕێگەی:-

- بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزەی جێگرەوە دەبێت کە ژینگە پیس ناکات وەك وزەی خۆر و با و ...هتد.
- کەمکردنەوەی بەکارهێنانی هۆکارەکانی گواستنەوەی تایبەتی و زیادکردنی هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتی.
- دروستکردنی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەوزەی کارەبا کاردەکەن.

• هەندێ لە ڕاپۆرتەکان و هۆشداریەکانیان

* کۆتا ڕاپۆرتێك کە لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە دەربارەی ئەم بابەتە بلاوکراوەتەوە ئاشکرای دەکات کە :-

أ. مەترسی هەیە دەربارەی تواندنەوەی سەهۆڵەکان لە گرینلاند کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی ئاستی دەریاکان بە نزیکەیی ٧ مەتر لەماوەی ١٠٠٠ ساڵی داهاتوودا.

ب. زیادبوونی چالاکی پیشەسازی و ئابوری و ژمارەی دانیشتوان بە ڕێژەی ٦ ئەوەندە لەماوەی ٢٠٠ ساڵی ئایندەدا, ئەو هۆکارانەن کە دەبنە گەورەتربوونی کێشەی پەنگخواردنەوەی گەرما.

دەربارەی ئەم بابەتە یەکێك لە زاناکان دەڵێن ((هەر بەرزبونەوەیەك لە پلەی گەرمادا بەڕێژەی ١ پلەی سیلسیۆس, دەبێتە هۆی زیادبوونی مەترسی بە ڕێژەیەکی گەورە و بە شێوەیەکی گەورە و خێرا کار دەکاتە سەر سیستەمی ژینگە لاوازەکان.

وەبەرزبونەوەی ٢ پلەی گەرما بە پلەی سیلسیۆس, دەبێتە هۆی زیادبوونی مەترسی بە ڕێژەی دوو ئەوەندە بە شێوەیەکی بنچینەیی و ڕەنگە ببێتە هۆی داڕمانی سیستەمی ژینگەیی بەتەواوەتی و زیادبوونی برسێتی و کەمی ئاو و کێشەی کۆمەلایەتی و ئابوری گەورە و بە تایبەتیش لە ولاتە تازە پێگەیشتوەکاندا.

** ئاژانسی ژینگەیی ئەوروپی هۆشداریداوە دەربارەی گۆڕانە خێراکانی کە لە ئەنجامی پەنگخواردنەوەی گەرماوە دروست دەبێت.بە شێوەیەك کە بەرزبونەوەی گەرما دەبێتە هۆی لە ناوبردنی ¾ ی بەفرە کەڵەکەبوەکان لەسەر لوتکەی شاخەکانی((ئەڵپ)) بەهاتنی ساڵی ٢٠٥٠ کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی لافاوی وێرانکەر لە ئەوروپا و ئەم هۆشداریەش پێویستە حسابی بۆ بکرێت.

*** زانا بەریتانیاییەکان دەڵێن کە ساڵی ٢٠٠٥ دووەم ساڵە لە ڕووی گەرمترین ساڵەکانەوە لە دونیادا لەسەرەتای ئامارە وردە ژینگەییەکانەوە لە دەیەکانی شەستەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە.

**** لێکۆڵەرەوەکان لە دەزگای دیاریکردن و زانکۆی ایست ئینجلیای بەریتانی دەڵێن:-

أ. پلەی گەرما لە ساڵی ٢٠٠٥ دا لە نیوەی باکوری گۆی زەویدا بەڕێژەی ٦٥. س بەرزبۆوە بۆ سەروو ئەو نیوەیەی کە چاوەڕوانکراوبوو لە نێوان سالأنی ١٩٦١-١٩٩٠دا.

ب. پلەی گەرما لەساڵی ٢٠٠٥دا بەرزبۆوە بە نزیکەی ٤٨.س لەسەر ئاستی دونیا, ئەمەش وادەکات کە ساڵی ٢٠٠٥ دابنرێت بە گەرمترین ساڵ لەدوای ساڵی ١٩٩٨وە.

ت. زاناکان لەو بڕوایەدان, کە نیوەی باکوری گۆی زەوی خێراتر لە نیوەی باشوور گەرمتر دەبێت, چونکە زۆربەی پێکهاتەکەی وشکانیە, کە ئەمەش زیاتر و خێراتر کاریگەری تێدەکرێت لە ڕووی گۆڕانکاریە ژینگەییەکانەوە بەبەراوور لەگەڵ دەوروبەردا.

پ. لێکۆڵەر((دیفێد ڤانیر)) لەیەکەی لێکۆڵینەوەی ئاو وهەوا لە زانکۆی ئێست ئینجلیا ئاماژە بەوە دەدات کە پلەی گەرمای ئاو لەدەریای ئەتڵەسی لە نیوەی باکوری گۆی زەوی بریتیە لە بەرزترین پلەی گەرما لەساڵی ١٨٨٠ وە.

- بەردەوام زیادبوونی ڕێژەی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن لە هەوادا بۆتە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر و بەمەش پلەی گەرمای ڕووی زەوی بەبەردەوام لەبەرزبونەوەدایە. ئەمەش مانای وایە کە کاریگەری لەسەر کەش و هەوا زیاتر دەردەکەوێت. و گرنگترین دیاردە و سیماکانیش کە ڕوودەدەن بریتین لە:-

١. بەشی گەورە لە سەهۆڵبەندانەکان دەتوێنەوە و دەبنە هۆی بەرزبونەوەی ئاستی ئاوی دەریاکان و لافاو دروست دەبێت و دوورگە نزمەکان دەکەونە بەرمەترسیەوە لەگەڵ شارە کەناریەکاندا.

٢. بەرزبونەوەی ئاستی ڕووی دەریا کاریگەری مەترسیدار دروست دەکات.

٣. زیادبوونی ژمارە و توندی گەردەلولەکان.

٤. بلاوبونەوەی نەخۆشیە درمەکان لە جیهاندا.

٥. وێرانکردنی هەندێ لە جۆرە زیندووەکان و ڕێگەگرتن لە جیاوازبوونی زیندەگی.

٦. ڕوودانی شەپۆلی وشکەساڵی.

٧. ڕوودانی کارەساتی کشتوکاڵی و وونبوونی هەندێ بەروبووم.

٨. گریمانەی زیادبوونی ڕوودانی ڕووداوی جیاواز و لەناکاو لەکەش و هەوادا.

سەرچاوە:-

=======

پێگەکانی ئینتەرنێت

ڕادار

Radar

ئەندازیار
طاهر عبدالله قادر
بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی

پێشەکی:

بە بەراورد لەگەڵ تەمەنی مرۆڤایەتی زۆر لەمێژ نیە کە ئادەمیزاد توانیوێتی ئامرازی پەیوەندیەکان بەجۆرێك دروست بکات کە بە ئاسانی دەنگ و ڕەنگ بگوازێتەوە بەڵام لەم سەردەمەی ئێستای پێشکەوتنی تەکنەلۆجیدا مرۆڤ زۆر بەکارامانە توانیوێتی ئامرازەکانی بەردەستی بەجۆرێك دروست بکات و سوود لەو توانا و زانستانە ببینێت بە شێوازێك لە هیچ کونجێکی دنیادا بە ئاسمانیشەوە دانەمێنێ بۆ پەیوەندی کردن بۆیە بواری وون بوونی ئامێر و ئامراز و کەشتی و فڕۆکەکان زۆر کەم بۆتەوە، یان تەنانەت گەڕان بە دوای ئاژەڵ و کانزاو و سامانی ناودەریاکان زۆر ئاسان بووە ئەویش بەهۆی دروست کردنی ڕادارەوە.

بۆ ئەم بابەتە پێم باشە کە دەروازەیەك لەسەر ڕادار و مێژووی ڕادار و چەردەیەك لەسەر بەکارهێنانی ڕادار بنوسین بۆ بەرچاو ڕوونی ئەندازیارانی بەڕێز کە هیوادارم سوودی هەبێت هەرچەندە ئەم بواره بواریکی زۆر فراوان و تایبەتمەندە بەڵام وەك هەنگاوی یەکەم دەچینە ناو باسەکەوە((ماوەی هەزاران میل هەر بە یەك هەنگاو دەست پێدەکات)).

(Radar) چی یە؟

ڕادار سیستمێکی ئەلکترۆنیە کە بەهۆی شەپۆلی کەهرۆموگناتیسیەوە دەتوانێت ﴿ئاحداثیات﴾و شوێنی ئامانج و تەنە ﴿ئاهداف﴾ وەستاو و جوڵەدارەکان بزانرێت لە هەمانکاتیشدا ئاڕاستەی ئەو تەنانە و خێرایەکانیشیان دیاری بکات هەروەها دەتوانێت سروشتی ئەو تەنانە بزانرێت.

وشەی ڕادار (Radar) وشەیەکی ئینگلیزیە پێك هاتووە لە پیتەکانی یەکەمی :

Radio detection and ranging

کە بەمانای زانین و دیاری کردنی دووری یە بە شەپۆلی ڕادیو، ئیش کردنی رادار لەسەر بنەمای کارێکی زۆر ئاسانە ئەویش کاتێك شەپۆلی کەهرۆموگناتیسی دەکەوێتە سەر﴿تەنێك﴾ بەشێکی لێی دەگەڕێتەوە کە زۆر جار بەشێکی ئەو شەپۆلانە بە ئاڕاستەی پێچەوانەی شەپۆلە هاتووەکانەوە دەگەڕێتەوە لەسەر ئەم بنەمایە ڕادار شەپۆلەکان دەنێرێت بە ئاڕاستەیەکی دیاری کراودا کە شەپۆلەکان گەڕانەوە بە مانای بونی تەنێك هەیە لەو ئاڕاستەیەدا ئا لەو کاتەدا ڕادارەکە هەڵدەستێت بە ﴿Process﴾ بۆ دیاریکردنی سروشت و خێرایی و شوێن و ئاڕاستەی ئەو تەنە.

هەندێك زیندەوەر وەك شەمشەمە کوێرە﴿bats﴾ لە باتی چاو خوا ڕادارێکی سروشتی پێ بەخشیوە کە بە هۆیەوە دەتوانێت هەست بکات بەو تەنانەی کە لەبەردەمیدان یان لە دەوروبەرین خۆیان لێ لابدا ئەویش بە ناردنی چەند شەپۆلێك ﴿Super Sonic﴾ و گەڕانەوەی بۆ گوێچکەی باڵندەکە و بەهۆی چەند شی کردنەوەیەکەوە لە مێشکیدا دەتوانێت ئاڕاستەی فڕینەکەی بگۆڕێت.

لە کاتێکدا کە سیستمە پەیوەندیەکان یارمەتی مرۆڤیان داوە بۆ قسەکردن و بینینی یەکتری لە دوریەکی زۆرەوە ئەوا ڕادار توانیوێتی یارمەتی مرۆڤ بدات بۆ بینینی تەنەکان کە لە مەودای بینینی مرۆڤدا نین سا بە هۆی دوریەوە بێت یان تەم و مژەوە یان هەوروباران و بەفر یان تەپ و تۆز یان شاردراوەی ژێر چینەکانی زەویدا.

مێژووی رادار:

کاتێ کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٨٨٧م شەپۆلی کەهرۆموگناتیسی دۆزرایەوە هەر لەو ساڵەدا بیرۆکەی بەکارهێنانی شەپۆلی کەهرۆموگناتیسی بۆ ﴿دەرخستنی﴾ تەنەکان هاتەکایەوە لەسەردەستی زانای ئەڵمانی هێنرش هێرتز ﴿Henrish Hertz﴾ هەر ئەویش ئەوەی دۆزیەوە کە ئەم شەپۆلانە کاتێ بەر تەنە فلزی و عازلەکان دەکەون دەگەڕێنەوە.

لە ساڵی ١٩٠٣ ئەندازیار کریستیان هۆڵسمایر ﴿ئەڵمانی﴾ Christian Hulsmeyer تاقی کردنەوەیەکی کرد تیایدا توانی کەشتی یەك بکات لەناو کەشێکی تەم و مژاویدا بەڵام بەبێ دەست نیشان کردنی دوریەکەی.

لەساڵی ١٩٢١ البرت هـۆل (Albert Hull) تـوانی یەکـەم زمانـەی ئـەلکترۆنی ﴿صـمام الکترونـی﴾ بدۆزێتەوە و ناونرا ﴿Magnetron﴾ مەگنیترۆن کە بریتی بوو لە سەرچاوەیەکی بەهێز ﴿مزبزب﴾ لە توانایدا هەبوو بەتوانایەکی بەرز ﴿لەرەلەری﴾ زۆر بەهێز دروست بکات.

لە ساڵی ١٩٢٢ز لەسەردەستی زانای ئیتاڵی ناسراو مارکۆنی ﴿Marcony﴾یەکەم سیستمی ڕادار بۆ ماوە دوورەکان دروست کرا.

لە ساڵی ١٩٣٠ دا ئەندازیاری ئەمریکی هایلاند ﴿Lawrence A. Hyland﴾ لە یەکێك لە تاقیگەکانی ئەمریکا توانی کەشفی فڕۆکەیەك بکات بەو سیستمە کە پێیان دەوت ﴿کەشفی ئامانجەکان بە ڕادار﴾ بۆ شەپۆلە کەهرۆموگناتیسیەکان و لەرەلەرێکی بەکارهێنا کە بڕەکەی ٣٣ مێگاهێرتز بوو.

ساڵی ١٩٣٤ هێنـری دەریـایی ئـەمریکی بـە بـەکارهێنانی لەرەلـەری ٦٠ میگـاهێرتز توانیـان دیزاینـی ڕادارێك بکەن کە مەوداکەی ٤٠ کم بێت و کەشفی فڕۆکەکان بکەن بەبێ ئەوەی دووریەکەی بزانن.

ساڵی ١٩٣٥ زانای ئینگلیزی واستون واط ﴿Waston watt﴾ بڕوانامەی ﴿بـراءة اخـتراع﴾ی وەرگرت لە دیزاین کردنی ڕادارێك کە لە توانایدا بوو دووریەکان بپێوێت.

ساڵی ١٩٣٦ تـوانرا زمانەیـەکی ئـەلکترۆنی زۆر بـەهێز بـۆ گـەورەکردنی سگنالەکان دروست بکرێت کـە لەگەڵ مێگاترۆن ڕوڵێکی بالأیان بینی لە پێشخستنی سیستمەکانی ڕاداری نوێدا.

لـە سـاڵی ١٩٣٧ یەکـەم ڕادار لەسـەر یـەکێك لـە کەشـتیە دەریایـەکانی ئـەمریکی کـە بـەناوی ﴿لـیری﴾ دا بەسـترا و هـەر لـەو سـاڵەدا ڕادارەکـانی کـۆنترۆڵ کردنـی ئاڕاسـتەی تۆپـە دژە هەوایـەکان هاتەکایـەوە و هەروەها ڕادارەکانی ئاگادارکردنەوەی پێش وەخت ﴿الانذار المبکر﴾ دروست کران.

لە ساڵی ١٩٣٩ هەردوو ئەندازیاری ئینگلیزی جۆن ڕاندالڵ و هاری بۆت ﴿John Randall & Harry Boot﴾ توانیان ﴿اختراع﴾ی مەگنیترۆنێکی بۆش ﴿Cavity Magnetron﴾ بکەن کە لە توانایدا بوو لەرەلەری مایکرۆیڤ دروست بکات و تواناکانی دەگەیشتە سەدان کلیۆ واط.

ئەم دۆزینەوەیە بە یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی پێشکەوتنی ڕادارە نوێکان ئەژمار دەکرێت چونکە ئەم سیستمانە پێویستیان بە لەرەلەرێکە کە توانای پەخشکردنی زۆر بەهێزیان هەبێت.

- لەرەلـەری بـەرز پێویـستی بـە ئـەنتینای بـچوك و بـچوك کردنـەوەی پـانی تیـشکی ﴿Resolution﴾ ڕادارەکەیە تابتوانێت بە ڕوونی ئامانجەکە ببینرێت و شوێنەکەی دیاری بکرێت.
- پـەخـشی بـەهێز پێویـستە بـۆ دەسـت نیـشانکردنی مـەودا دوورەکـان کـە تیایـدا ڕادار دەتوانێـت ئامانجەکانی تیادا کەشف بکات.

لـە نێـوان سـاڵەکانی ﴿١٩٣٥ – ١٩٤٥﴾ و لـە جـەنگی جیهـانی دووەمـدا هێزەکـانی ئـەمریکا توانییـان ڕادارێك دروسـتبکەن کـە بـە توانـای لەرەلـەری ٣ گیگـا هێرتـز کاربکـات بـە بـەکارهێنانی مـەگنیترۆن لـە کاتێکدا بە هێزترین ڕادارەکانی هێزەکانی ئەڵمانیا لەو کاتەدا توانای لەرەلەرەکانیان لـە یـەك ﴿١﴾ گیگا هێرتز زیاتر نەبوو بۆیە لە جەنگدا هێزەکانی هاوپەیمان توانیان بەسەر هێزەکانی ئەڵمانیادا سەربکەون.

لە ساڵی ١٩٤٦ ڕادار بەکارهات بۆ زانینی دووری مانگ.

لە ساڵەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم ڕادار کەوتە لایەنی تری ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤەوە بەدەر لەلایەنی سەربازی دەست کرا بە بەکارهێنانی ڕادار لە بواری فڕۆکەوانی شارستانیدا ﴿الملاحة الجوية﴾و کەشتیەوانی ﴿الملاحة البحرية﴾ و گرتەی کەش ناسی ﴿الارصاد الجوية﴾ و گەڕان لە فەزادا ولێکۆڵینەوەی توپۆگرافی زەوی.

ساڵی ١٩٥٤ یەکەم ڕادار کە بەڕێگای Doppler ﴿دۆبلەر﴾ کاریکرد و دروستکرا تیایدا دەتوانرێت خێرایی تەنە جوڵاوەکان و وردەکاری لەسەر چارەسەر کردنی سگنالە ژمارەییەکان ﴿ Digital Signals﴾ بزانرێت و پێشکەوتنی لەبەر چاو لەبەکارهێنانی ڕادار لە زۆر بوارەکاندا کەشفکرا.

بەکار هێنەکانی رادار:

لەم چەرخەی ئێستەی ئێمەدا زۆر بە فراوانی ڕادار بەکاردەهێنرێت لە بواری سەربازیدا وەک ڕێگەیەک بۆ زانینی پێش وەخت ﴿الانذار المبكر﴾ دژی فڕۆکەکانی دوژمن هەروەها بۆ ئاڕاستەکردنی سیستمی بەرگری ئاسمانی ﴿انظمة الدفاع الجوية﴾ و ڕۆکتیەکان هەروەها بەکاردەهێنرێت بۆ دیاریکردنی شوێنی ئامێز و ئامرازە جەنگیەکان و شوێنی مین.

لەبواری شارستانیدا دەتوانرێت بۆ بواری فڕۆکەوانی ﴿الملاحة الجوية﴾ بەکارهێنرێت بۆ ئاڕاستەکردنی جموجۆڵی فڕۆکەکان و ئاسانکاری نیشتنەوەیان لە فڕۆکەخانەکاندا هەروەها لە بواری دەریاوانیدا بۆ ئاڕاستە کردنی جموجۆڵی کەشتیەکان و بەرگرتن ﴿لادان﴾ لە پێکدانیان لەگەڵ یەکتریدا لەگەڵ ڕۆخی بەندەرەکاندا.

هەروەها ڕادار بەکاردەهێنرێت لە پێش بینی کەشناسی بۆ کێشانی وێنەی جموجۆڵی هەورەکان و باو باران و بەفر و شەپۆلی هەواکان و گێژەڵۆکە و زریان و خۆڵ بارین.

ئەو ڕادارانەی کە لەسەر مانگە دەست کردەکاندا دانراوە بەکاردەهێنرێن بۆ دیراسە کردنی سەر ڕووی زەوی و نەخشەی بەرزی و نزمی زەوی و جۆری دارستان و جەنگەڵەکان و ڕەوەک و ئەو شتانەی کە ڕوێنراون هەروەها بورکان و لافاو و سامانە سروشتیەکان و ئاوی ژێرزەوی و نەوت.

پۆلیسیش ڕادار بەکاردەهێنێ بۆ زانینی خێرایی ئۆتۆمبێلەکان لەسەر ڕێگا و بانەکان بۆ کەم کردنەوەی ڕوداو.

جۆرەکانی ڕادار:

١. لەسەر بنەمای تەکنیکی دروست کردن:

- Pulsed Radar و Doppler Radar

Continue wave Radar -

- Phased Array Radar



- Synthetic Aperture Radar SAR
- Tracking Radar

پێکهاتەکانی ڕادار:

بەشێوەیەکی گشتی ڕادار پێك دێت لەچەند بەشێکی بنەڕەتی:

١. نێردەر ﴿المرسل﴾

٢. وەرگر ﴿المستقبل﴾

٣. انتیناکان و کلیلی ناردن ﴿الارسال﴾ و وەرگرتن ﴿الاستقبال﴾

٤. سکرینی پیشان دەر ﴿شاشه العرض﴾

٥. چارەسەرکەری کاتی و درێژخایان ﴿Synchronizer﴾

المرسل نێردەر: لە لەرزانە یەك ﴿مذبذب﴾ پێك هاتووە هەڵدەستێت بە دروست کردنی سگنالّی لاوازی کارەبایی بە لەرەلەرێکی جێگیر یان گۆڕدراو توانای ئەم ﴿مذبذب﴾ ە بە جۆری ڕادارەکە دەگۆڕێت و دەست نیشانی شێوازی شەپۆلەکانیش کە لە ڕادارەکەوە دەردەچێت دەستنیشان دەکات کە زۆر جار لەسەر شێوەی ترپە ترپ ﴿نبضات﴾ی یەك لەدوای یەکە بە مەودایەك کە لە چەند چرکەیەك تێناپەڕێت کە گەورەترین وە هەڵدەستێت بە گەورەکردنی ئەو سگنالّە کارەبایە لاوازانە کە لە لەرزۆکەکەوە دەردەچێت بۆ ئەوەی سگنالّەکان تواناکانیان بەرزبێت کە خۆی دەدات لە میگا واط.

وەرگر ﴿المستقبل﴾: گەورەکەرێکی زۆر هەستیارە ﴿high sensitive amplifier﴾ هەڵدەستێت بە گەورەکردنی ئەو سگنالّە زۆر لاوازانەی کە گەڕاوەتەوە لە ئامانجەکە ﴿الهدف﴾ کە ﴿ئەنتینای﴾ ڕادارەکە وەریگرتووە و توانای ئەو سگنالّە ئەوەندە کەمە کە خۆی دەدات لە بەشێك لە بلێۆنی واطیك.

بەشێکی تریش لەوەرگرەکە ژمارەیەك لە پاڵێوەری ﴿المرشحات﴾ تێدایە بۆ کەم کردنەوەی سگنالّی تێکدەر و ژاوەژاو وتێکچڕژان هەروەها جۆرێك لە ڕێکخەر ﴿المعالجات﴾ یش کە ڕێگە بە سگنالّی دەنگ دانەوە دەدات ﴿echo signal﴾ ئەو سگنالاّنەی کە لە تەنە گەورەکانەوە گەڕاوەتەوە و لە کۆتایدا دوری و خێرایی تەنەکە دیاری دەکات و لەسەر سکرینەکان پیشانی دەدات.

ئەنتینای ڕادار: بەگشتی ئەنتینای ڕادار لە دوو بەشی نیوە کەوانەیی پێك هاتووەکە لەسەر شێوەی ساج دروست کراون بە هەردووکیان بەیەکەوە لکێنراون بە شێوازێك جموجوڵّی هەریەکەیان کارنەکاتە سەر ئەوەی تریان یەکێکیان بە ئاسۆیی دانراوە و جموجوڵّی لەسەر تەوەری ﴿x﴾ ە ئەوەی تریان بە ستونی جێگیر کراوە و جموجوڵّەکەش بە ستونی لەسەر تەوەری ﴿y﴾ دەکات وەکو لە زۆر شوێن بینراوە، جوڵەی ساجە ئاسۆیەکە کەمترە واتە گۆشەی جوڵەی ئاسۆیەکە تەنها ﴿١﴾ پلەیە بەلاّم گۆشەی جوڵەی ستونەکە تا ﴿١٠﴾ پلەش زیاتر دەجوڵێت.

جۆری کارکردنی ئەو ساجانە تیشکی کەهرۆموگناتیس دەنێرێت بۆ ئاڕاستەی ﴿العاکس﴾ ئەویش چڕی دەکاتەوە و پەخشی دەکات لەسەر شێوەی تیشك کە لە زۆربەی ڕادارەکاندا پانی ئەو تیشکەی ﴿beamwidth﴾ لە ئاسۆیدا دەبێت زۆر تەسك و باریك ئەبێت بۆئەوەی ڕونیەکەی زیاتر بێت بەلاّم لەئاڕاستەی ستونی زۆر زیاترە بۆیە ساجە ئاسۆیەکە زۆر پانتر و گەورەتردەبێت لە ساجە ستونیەکە.

سکرینی ڕادار: سکرینێکی تایبەتە کە سەرجەم وێنە و نیشانەکانی لەسەر دەردەکەوێت و یارمەتی بەکارهێنەری ڕادارەکە دەدات بۆ وەرگرتنی زانیاریەکانی پەیوەست بەو ئامانجەوە ﴿الهدف﴾ وەک دوری و بەرزی و جۆر و شێوازی ئەو ئامانجە.

ئەو سکرینانەی کە بە زۆری بەکاردەهێنرێت لە ڕادارا جۆرێکە پێیدەوترێت ﴿Plan position indicator ppl﴾ کە پێک هاتووە لە لولەیەکی تیشکی وەکو ئەو لولانەی کە لە تەلفزیۆندا بەکاردەهێنرێت بەلأم شێوازێکی بازنەیی هەیە و ئامانجەکان لەسەری وەک خاڵ خاڵی پرشنگدار دەردەکەون هەروەها لەسەر ئەو سکرینە نەخشەی مەودای ڕادارەکەی لەسەر پلۆت کراوە وە شوێنی ڕادارەکەش دەردەکەوێت لەگەڵ سەرجەم ئەو بەرزی و نزمی و ڤواهرانە ﴿phenomenon﴾ و ﴿features﴾ لەسەر زەوی هەروەها چەند بازنەیەک بە دەوری ئەو خالأنەدا دەردەکەوێت کەلەسەر سکرینەکەوە دیار دەکەوێت هەر بازنەیەک دوری تەنەکە دەردەکات لە شوێنی ڕادارەکەوە.

بەکارهێنانی ڕادار زۆر وزەوەندە دەتوانرێت لە چوار سێکتەری سەرەکیدا چڕبکرێتەوە:

١. چاودێری surveillance

٢. دواکەوتن Tracking

٣. وێنەگرتنی ڕادار Radar lmaging

٤. پشکنینی زەوی بۆ زانینی چینەکانی ژێرەوە ground penetration

هەروەها لە میانی جەنگەکاندا ڕادار زۆر بە مەودایەکی فراوان بەکاردەهێنرێت بۆ زانینی شوێنی چەک و تفاقەکانی دوژمن لەگەڵ ئەوەی ڕادار دەتوانێت وێنەکان بە دوو لای dimension -٢ سێلای -٣ dimension نیشان بدات بەگوێرەی توانا و جۆری ڕادارەکە.

ڕادارى فڕۆکەوانى ﴿رادارت الملاحة الجوية﴾



ڕادار بۆتە پێویستیەکی ڕادەبەدەری بواری فڕۆکەوانی و بەکارهێنانی لە فڕۆکەخانەکان و فڕۆکەکاندا لە کاتێکدا قەرەبالّغیەکی لەبەر چاو ڕوی داوە لە جۆری جموجۆڵی فڕۆکەکان لە ئاسماندا و پێویستی زۆری ژیانی ئادەمیزاد بە گواستنەوەی ئاسمانی و بەکارهێنانی فڕۆکە هەروەها بۆ بەرگرتن و سنوردارکدنی ڕووداوەکانی فڕۆکەوانی لە کاتی فڕین یان نیشتنەوە یان لە ئاسماندا.

ڕادار بەکاردەهێنرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی جموجۆڵی فڕۆکەوانی ﴿Air traffic control (ATC)﴾ کە تیایدا چەندەها جۆری ڕادار بەکاردەهێنرێت بۆ مەودا دورونزیکەکان کە پەیوەستە بە ڕێنمایی و چاودێری ئاڕاستە و جموجۆڵی فڕۆکەکان لە ئاسمان و زەویدا. ڕادار لە هەموو بارودۆخێکی کەش و هەوادا دەتوانێت دەستنیشانی ئاڕاستەی ئەو فڕۆکانە بکات کە لە مەودای توانای ڕادارەکەدا دەسوڕێتەوە تا مەودای ٨٠ میلی دەریایی ﴿≅ ١٥٠كم﴾ و یارمەتی فڕۆکەوانەکان بدات بۆ نیشتنەوەی فڕۆکەکەی بە سەلامەتی لەو کاتانەشدا کە بارودۆخی کەش و هەوا زۆر خراپ دەبێت.

لەبواری فڕۆکەوانیدا ڕادار دوو جۆری هەیە:

١. Primary Radar ڕادارى سەرەتایی
٢. secondary surveillance Radar ڕادارى چاودێری لاوەکی

هەر جۆرێکیان شێوازێك لە توانا و ئیش کردنیان هەیە ڕادارى سەرەتایی دەست نیشانی ئەو ئامانجانە دەکات کە لە ئەنجامی گەڕانەوەی تیشکەکان دەردەچێت بێئەوەی جۆر و شێواز و خێرایەکەی بزانرێت. بەڵام جۆری دووەم دەتوانێت خێرایی و بەرزی و شێوەی تەنەکە دەربخات لەسەر سکرینەکەی. بۆیە باشترین ڕێگە بۆ بەکارهێنانی ئەو دووجۆرە ڕادارە ئەوەیە کەبەیەکەوە دابنرێت کەشێوەیەکی وای بدرێتێ هەردووکیان سگناڵەکان بنێرن بۆ یەك پڕۆسێسەر و ئامانجەکە لەسەر سکرینەکە دەربکەوێت بەهەموو زانیاریەکانەوە.

تابتوانرێت ڕادار بەکار بهێنرێت لەلایەن فڕۆکەوانەوە پێویستە لە ناو فڕۆکەکەشدا هەردوو جۆرە ڕادارەکەی تێدابێت بۆ ئەوەی بتوانێت سگناڵەکان لەڕادارەکەی سەر زەوی یەوە وەربگیرێت و ئاوێتە بکرێت و فڕۆکەوان بتوانێت لەسەر سکرین ناو فڕۆکەکە پەیوەندی یەکان ئەنجام بدات.

ڕادارى دەریاوانی ﴿رادارات الملاحة البحرية﴾:

بەشێوەیەکی بەرفراوان ڕادار لەسەرجەم کەشتی و بارهەڵگرەکانی نەوت و کەشتی جەنگی و ﴿حاملات الطائرات﴾ بەکار دەهێنرێت بۆ دیاری کردنی شوێنی بەلەم و کەشتیەکانی تر لە پانتایی دەریادا هەروەها بۆ دەست نیشان کردنی شوێنی ڕۆخی دەریا و دوورگە بچوك و تاشەبەرد و شاخ و شاخە سەهۆڵبەندانەکان لەناو دەریادا تابتوانرێت خۆیانی لێ لادەن و ڕێگری بکەن لە پێکدادان.

لەبەندەرەکانیشدا ڕادارەکان دادەنرێن و بەکاردەهێنرێن بۆ کەشفی بەلەم و شوێنەکانیان لە دەوروبەری بەندەرەکە بۆ ڕێکخستنی جموجۆڵیان. دیزاین کردنی ڕادای دەریایی زۆر گرانتر و قورستر لە جۆرەکانی تر کە بەکاردەهێنرێن بۆ ڕایکردنی فڕۆکەوانی ئەگەر لەفڕیندا ئامانجەکە یان فڕۆکەکە لە ئاسماندا لەبەرزیەکی زۆر دایە بەڵام لەدەریادا کەشتیەکان لەسەر ڕووی دەریادان و لەبەرزیەکی زۆر نزمدان کە لە دووریەکی کەمەوە بەهۆی قۆقزی ڕووی زەوی یەوە لەشاشەکانی ڕادارەوە زوو وون دەبن.
بۆئەوەی کاریگەری هەڵمژینی شەپۆل و لەرەلەرەکان لە ڕووی دەریاکانەوە کەم بکرێتەوە ئەو ڕادارانەی کە بۆ دەریاوانی بەکاردەهێنرێن لەرەلەرەکانیان زۆر نزمە کە کەمترن لە یەك گیگا هێرتز و دوورترین مەودای ئەو ڕادارانە کە ﴿١٠٠کم﴾ زیاتر نابن بەهۆی قۆقزە ڕووی زەویەوە لە کاتێکدا ڕادارەکانی فڕۆکەوانی مەوداکانیان لە ﴿١٥٠کم﴾ زیاتر دەدەن.

ڕادای کەشناسی ﴿Weather Radar﴾:

لەم سەردەمەی ئێستای ئێمەدا زۆر بەفراوانی لە بواری کەش ناسیدا بەکاردەهێنرێت و لەوەتەی ڕادار بۆ پێشبینی باری کەشناسی بەکارهاتووە پێشکەوتنێکی لەبەرچاو هەیە لە زانینی مرۆڤ بۆ پێشبینیەکان لە بواری زانینی باران و بەفر و جۆری هەور و جموجۆڵەکانیان و هەروەها دیاریکردنی خێرایی و ئاڕاستەی با و بەرزی و نزمی قواهرکەش ناسیەکان، لەرەلەری ڕادای کەشناسی لە نێوان ﴿٣ تا ٣٠﴾ گیگا هێرتزدان بە گوێرەی توانا و شێوازی شەپۆلەکانیان لە نێوان ﴿١٠٠ سەد واط بۆ ٥٠ پەنجا کیلۆ واط دان﴾ بە گوێرەی مەودای ڕادارەکە.
ئەم جۆرە ڕادارانە لە فڕۆکەخانەکاندا دادەنرێن و بەکاردەهێنرێن بۆ زانینی باری کەش و هەوا لە مەودای ﴿١٠٠کم﴾دا بۆ ئاڕاستەکردنی فڕۆکەکان و ڕێکخستنی جموجۆڵیان هەروەها ئەو ڕادارانە بەکاردەهێنرێن بۆ وەرگرتنی وێنەی ورد بۆ حاڵەتی کەشناسی بە بەکارهێنانی ﴿ image processing﴾، ئەم جۆرە ڕادارانە لەسەر مانگە دەست کردەکانیش دادەنرێت و سوودی لێ وەردەگیرێت بۆ زانینی حاڵەتی سەر زەوی و شاخ و ڕووبار و دەریا و جەنگەڵەکان و بەرزی و نزمی سەر ڕووی زەوی و دارستانەکان و ئاوی ژێر زەویەکانی نەوتی ژێر زەوی جۆرێکی تری ڕادار بەکاردەهێنرێت لەبواری جیۆلۆجیدا بۆ کەشفکردنی چینەکانی ژێر زەوی و جۆر و قەبارەی کانەکانی ژێر زەوی پێی دەڵێن ﴿Ground penetrating Radar﴾. لە بەشی داهاتودا دەچینە ناو باسی گرنگی ڕادار و بەکارهێنانی لە بواری فڕۆکەوانیدا.

سەرچاوەکان:

- ئینتەرنیت
- CNS/ATM system Iraqi Civil Aviation

ڕاپۆرتاژ

ئەندازیار

رزگار لەتیف کەریم

بەڕێوەبەری فەرمانگەی مهندس موقیم

==========

پ /ناوی پڕۆژەکە چیە؟

وەڵام/

سەنتەری پزیشکی فاروق

پ / کورتەیەك دەربارەی پڕۆژەکە؟ پێکهاتە و بەشەکانی پڕۆژەکە؟

وەڵام/

ئەم پڕۆژەیە یەکێکە لە پڕۆژەکانی (Faruk group holding) وە ئەم پڕۆژەیە پێکهاتووە لە سەنتەرێکی پزیشکی گەورە کە ئەبێتە هۆکارێکی باش بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتیان بۆ چارەسەر کردن بێ ئەوەی ڕوو بکەنە دەرەوەی وڵآت ,ئەویش بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزار ی پزیشکی لە ئاستێکی زۆر بەرزدا کە هیچی کەمتر نییە لە ئاستی ئەو سەنتەرە پزیشکیانەی کە لە ناوچەکەو جیهاندا خزمەتی پزیشکی پێشکەش ئەکەن , ئەویش بەوەی کە ئەم سەنتەرە پێکهاتووە لە دوو بەش (بەشی خەستەخانەو بەشی کلینیك : لە بەشی خەستەخانەکەدا ١٢٤ قەرەوێلە وله بەشی(کلینیك) یشدا ٤٧ کلینیك هەیە, ئەم خەستەخانەیەش دابەش ئەبێت بەسەر ٩٦ ژووری تایبەتدا + ٢١ سویتی تایبەت + ٣ سویتی جۆری ڕۆیاڵ) بەم پێیەش ئەم سەنتەرە بە پێی ستانداردی جیهانی و W.H.O لە جۆرە دەگمەنەکانی ناوچەکەو جیهانە لە ڕووپێوی بینادا بەرامبەر یەك قەرەوێلە .....وە هەر لەم خەستەخانیەدا هەموو بەشەکانی تیشك (وەکو +نازور+M.R.I + C.T.Scan .....هتد) و تاقیگەی مەرکەزی بە هەموو بەشەکانیەوە و ٧ ژووری عەمەلیاتی گەورەو بەشی دڕان و بەشی قوڕگ و لووت و گوێ و بەشی چاوو بەشی جومگەکان و

بەشی شکاوی و بەشی چارەسەر کردنی سروشتی و هەروەها بەشی منداڵ بوون و بەشی دڵ بە ٢ دانە لە جیهازی قەستەرە و ٦ دانە لە I.C..U وە ٦ دانە لە N.I.C.U پێکهاتووە .....

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە لەم خەستەخانەیەدا هۆڵێکی گەورەی کۆنفرانسی تێدایە بۆ زیاتر لە ٢٠٠ کەس هەروەها ٤ دانە لە هۆڵی سیمینار و کتێبخانەیەکی گەورەی پزیشکی کە ئەمە سوودێکی گەورەی دەبێت لە بەرەو پێش چوونی ئاستی زانستی ئەم سەنتەرەدا .....جگە لە هۆڵی تایبەت بۆ کافتریاو شۆپ بۆدابین کردنی دیاری بۆ نەخۆشەکان , سەرەڕای بەکارهێنانی ڕووبەری ٢٥٠٠ مەترە دووجا لە سەوزایی و نافووڕە لەسەربانی بەشی چوونە ژوورەوەی ئەم سەنتەرە وەکو شوێنی حەوانەوەی نەخۆشەکان جگە لە ڕووبەرێکی گەورەی زەوی کە بەکاردێت لە Landscape بە تازەترین و بەرزترین شێوەی هونەری سەردەم کە تیایدا جێگەی گەراج وە جێگەی تایبەت بۆ هەلیکۆپتەر تەرخان کراوە بۆ ئەو ڕوداوە کتوپڕانەی کە ڕووئەدەن بۆ ئەوەی نەخۆش بەزووترین کات بگاتە ئەم سەنتەرە.ئەوەی جێگەی بیرهێنانەوەیە کە ڕووبەری گشتی بینای ئەم سەنتەرە نزیکەی پە نجا هەزار مەترە دووجایە لەگەڵ دروستکردنی شوێنی تایبەت بە جیا لەم خەستەخانەیە بۆ دابین کردنی هەموو بەشەکانی ئەلکترۆمیکانیك .

٤/ بودجەی پڕۆژەکە چەند ە؟

وەڵام/

١٠٠ ملیۆن دۆلار

٥/ مەبەست لە جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە چیە لە شاری سلێمانیدا؟

وەڵام/

چیتر هاوڵاتیانی کورد بۆ چارەسەر ناچنە دەرەوەی وڵات و ئەتوانن بە بەرزترین شێوەی پزیشکی سەردەم لە جۆری کەرەستەو ئەو دکتۆرانەی کە کاری تیا ئەکەن خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاوڵاتیانی کوردستان و عیراق بکەن .

٦/ ئەم پڕۆژەیە لەلایەن حکومەتەوە یان کەرتی تایبەتەوە جێبەجێ دەکرێت؟

وەڵام/

خاوەنی ئەم پڕۆژەیە کەسایەتی ناوداری گەلەکەمان (كاك فاروقی مەلا مستەفا) یە.

٧/ ماوەی کۆتایی هاتنی ئیش لە پڕۆژەکەدا چەندە ؟

وەڵام/

١-٦-٢٠١١



٨/ ئەو کێشە و گرفتانە چیبوون کەهاتنە سەر ڕێگای جێبەجێکردنی پڕۆژەکە؟

وەڵام/

نییە

٩ /گرنگی ئەم پڕۆژەیە لە چیدایە بۆ شاری سلێمانی؟

وەڵام/

چیتر هاولاتیانی کورد بۆ چارەسەر ناچنە دەرەوەی ولاّت و ئەتوانن بە بەرزترین شێوەی پزیشکی سەردەم لە جۆری کەرەستەو ئەو دکتۆرانەی کە کاری تیا ئەکەن خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاولاتیانی کوردستان و عیراق بکەن جگە لەمانەش ئەم سەنتەرە دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ دروستکردنی هەلی کار بۆ خەلکی ناوچەکە...

١٠/ ئەو مواصفات و مەرجە ئەندازەییانە چین کە ڕەچاو کراون لە جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا و هەڵبژاردنی کەل و پەل و مەوادەکاندا ؟ئایا ستانداردی جیهانی ڕەچاوکراوە؟

وەلاّم/

بە پشت بەستن بە هەموو مواسەفاتی جیهانی لە بورای دروست کردنی بینادا (ASTM , BS) وە هەروەها بە پشت بەستن بە ستانداردی جیهانی بۆ هەڵبژاردنی کەل و پەلی پزیشکی بەکارهاتوو لەم سەنتەرەدا وە هەموو بەشەکانی تری ئەلکترۆمیکانیك ..

١١ / ڕۆڵی ئەندازیاران چیە لە دیزاین و سەرپەرشتی کردن و جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیەدا؟

وەڵام/

دیزاینی ئەم سەنتەرە لەلایەن کۆمپانیای (ئەلبەشیری دەولی) ئەردەنی کە پسپۆڕن لە جیهاندا لە بواری ئەندازەی تەلارسازی خەستەخانە و سەنتەری پزیشکییەکاندا نەخشەی بۆ داڕێژراوە و لە لایەن گروپێك لە ئەندازیاری لاوی دڵسۆزی ئەم شارە بە هەموو ئیمکانیاتێکی ناوچەکە ئیش وکارەکان سەرپەرشتی و جێبەجێ دەکرێت ..

- **دوا ووتەتان..**

وەڵام/

سوپاس بۆ هەموو لایەك بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیە هیوادرارم کە هەمیشە لە پلاندابن بۆ بەدیارکردن و دەرخستنی ئەم پڕۆژە ستراتیجیانەی کە لەم شارەدا ئەنجام ئەدرێن لە ڕێگەی گۆڤارە خۆشەویستەکەتانەوە ((گۆڤاری ئەندازیاران)) هیوادرام کە هەمیشە ڕووی گەشی ئاوەدانکردنەوەو بیناسازی و ئەو هەنگاوە جیدیانەی کە بۆ بنیات نانی ئەم وڵاتە خۆشەویستە دەنرێت بخەنە ڕوو....هەر بژین .....

پێداچوونەوەی ڕاگرتن و بەرزکردنەوەی ئاستی ئاوی ژێر زەوی بەهۆی ((بیری ئاو وەرگر))

ئامادەکردنی
جیۆلۆجی (سالار محمود)
لەبەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی

==========

سەرەتا :

گرنگی ئاو تەنها لەسەرچاوەو دروستبوونی ژیانەوە نییە بەتەنها، بەڵکو بۆ بەردەوامی ژیان لەئێستاو داهاتوودا وەکو پێکهاتەیەکی گرنگی سەرەتاو بەردەوامی ژیان دەردەکەوێت. لەگەڵ پێشکەوتنی دنیاشدا گرنگی زیاتری ئاو دەبینرێت و سالانێکە زۆرێك لەپسپۆڕان و سیاسەتمەدارانی جیهان جەخت لەسەر دروستبوونی کێشمەکێشی گەورە دەکەنەوە لەسەر خاوەندارێتی ئاو و دەستبەسەرداگرتنی , ئاشکرایە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەی ئێمەش وەکو هەرێمی کوردستان بەدەرنابێت لەوکێشەیەو لەئێستادا پێویستە بەشێوەیەکی وردو زانستی دەستبکرێت بەدانانی پلانی درێژخایەنی سیاسەتی ئاو بەڕادەیەك بتوانرێت هەرێمی کوردستان لەمەترسی کەم ئاوی یاخود ڕاستتر بڵێین وشکە ساڵی

دووربخرێتەوەو پارێزگاری لەوڕێژە ئاوەی باران بکرێت کە سالاّنە لەهەرێمی کوردستان دەباریّت. یەکێك لەو پرۆژانەی کە دەکرێت سودی بەرچاوی هەبێت بۆ بە فیڕۆ نەدانی بارانا و پرۆژەی "بیری ئاو وەرگر" (Recharge well) کە بەهۆیەوە ئاوی باراناو ڕاستەوخۆ دەخرێتەوە ناو چینەکانی زەوی و پاشان ئاستی ئاوی ژێر زەوی بەرز دەبێتەوە و ئاوی کانی و بیرو کاریزەکان زیاد دەبێت .

پـــــرۆژەکــە

١ –دروستکردنی دەریاچەیەکی گڵین (ترابی) لەشوێنێکی گونجاوی بناری چیاکان دوور لەدانیشتوان ,مەبەست لە دروست کردنی ئەم دەریاچەیە :

ا – نیشتن و ڕوون بوونەوەی باراناوەکە.

ب _ دروست بوونی (Hydrostatic Pressure) بۆ ئەوەی بە پەستان ئاو بچێتە ناو بیرەکە .

٢ –لێدانی (بیر) یێك بەقوولّی گونجاو کە لە٢٥٠ مەتر کەمتر نەبێت لەناوەڕاستی دەریاچەکە .

٣ –بەیەکەوە بەستنەوەو گەیاندنی چەناڵەکان لەدامێنی چیاکان تاکو بتوانرێت بەشێکی بەرچاوی باراناو بگەیەنرێتە دەریاچەکە.

٤ –دروستکردنی مەنهۆڵو ڕاڕەو بۆ بیرەکە.

٥– دروستکردنی سیاج بە(BRC) .

٦– دروستکردنی ژووری پاسەوان .

٧– دانانی قفڵی پاککردنەوە (wash out) لەشوێنێکی گونجاوی دەریاچەکە.



سوودەکانی ئەم پڕۆژەیە:

١- بەرزکردنەوەی ئاستی ئاوی ژێر زەوی (water table).

٢- هاوڕێی ژینگەیە.

٣- لەڕووی گەشتیاریەوە جوانیەك ئەدات بە ناوچەکە.

٤- خەستی مادە کیمیاویەکانی ئاوی ژێر زەوی کەم دەکاتەوە.

٥- کەم کردنەوەی تەوژمی لافاو و ڕاماڵینی خاك.

زیانەکانی ئەم پڕۆژەیە:

دڵنیابوون لەپاکی ئەو ئاوەی کەدەخرێتە ناو بیرەکە ئەگەر پاك نەبێت ئاوی ژێرزەوی پیس ئەبێت.

لایەنە باشەکانی ئەم پڕۆژەیە بەبەراورد لەگەڵ بەندا و :



١- ئاوی بەندا و ڕێژەی بەهەڵم بونی زۆرە .

٢- ئاوی بەندا و زەوییەکی زۆری کشتوکاڵی و نیشتەجێ بوون و شوێنەوا ری کۆن دادەپۆشێت.

٣- ئاوی بەندا و ئەگەری پیس بوونی زۆرە و ڕێژەیەکی زۆر گازی میثان دەردەکات کە کاریگەری بیست هێندە زیاترە لە گازی CO_2 بۆ قەتیس بوونی گەرمی.

٤- تێچوی دروست کردنی بەندا و زۆر زیاترە بە بەراورد لەگەڵ (recharge well) جگە لەوە بە کاتێکی زۆر تەوا و دەبێت.

٥- دروست کردنی بەندا و شوێنی گونجا وی تایبەتی خۆی دەوێت , کە لە هەموو شوێنێکدا نیە , وەك نە بوونی دەربەندی تەسك و ڕادەی ئا و لەخۆ گرتن لە حەوزی بەندا وەکە و چەندین گیرو گرفتی تر وەك

ڕوخانی شاخ و خلیسکان و کەوتنە خوارەوەی تاوێرە بەرد کە ئەم دیاردەیە لە بەندەوی دەربەندیخان بوونی هەیە.

- هەروەها ڕێگەیەکی تر بۆ ((Recharge well)) ئەوەیە کە فلتەرێکی گەورە دروست بکرێ بە ((چەو , لم , قوم)) لەسەر بیرەکە, کە باراناوەکە بپاڵێوێت وەك لەهێڵکاریەکەدا دیارە, ئەگەر هاتوو فلتەرەکەش پیس بوو لە ڕێگەی قوفڵی پاککەرەوە((Washout Valve)) پاك دەکرێتەوە.



- هەردووك ئەم ڕێگایانە لە دونیادا کارێکی تازە نیە و مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابوردوو. بەڵام تا ئێستا ئاوە بارانەوە لێڵەکە ڕاستەوخۆ دەخرێتە ناو بیرەکەوە کە ئەم شێوازە دەبێتە هۆی گیرانی درز و کەلێنەکانی ژێر زەوی. بۆیە لە کۆتایدا دەبێتە هۆی نەتوانینی هەڵگرتنی ئاوی زیاتر لەو بیرەدا.
- لەکوردستانیشدا تائێستا وەك پێشنیاز و بیرۆکەیەك لە بەرنامە دایە بۆ جێبەجێکردن, بە هیوای ئەوەی لە داهاتوودا سوود لەم ڕێگایانە وەربگیرێت بەمەبەستی لەلایەك سوود وەرگرتن لە باراناو و لەلایەکی تریشەوە بۆ زیادکردنی ئاوی ژێر زەوی.بەڵام لەم ڕێگەیەی ئێمەدا ئاوی باراناوەکە بە ڕوونی و پاڵێوراوی دەکرێتە ناو بیرەکەوە و ئەمەش خاڵی پۆزەتیڤ و جیاکەرەوەیە لە ڕێگەی پێشوو.

چاوپێکەوتن

ئەندازیار
نیاز محمد سعید ابراهیم

لەم ژمارەیەی گۆڤارەکەماندا بە مەبەستی زیاتر ناساندن و سودوەرگرتن لە شارەزایی ئەندازیارێکی بە ئەزمون چاوپێکەوتنمان لەگەڵ بەڕێز ئەندازیاری شارستانی (نیاز محمد سعید ابراهیم) سازدا و لە وەڵامی پرسیارەکانماندا بەم شێوەیەی لای خوارەوە بۆمان دوا :

ئامادەکردنی : گۆڤاری ئەندازیاران

پ :ناوی سیانی؟

و/ نیاز محمد سعید ابراهیم

پ: بەروارو شوێنی لەدایکبوون؟

و/ سلێمانی ١٩٥٦/٣/٢٦

پ: قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و زانکۆتان لە چ ساڵ و جێگەیەک تەواوکردووە و پسپۆڕیتان لە چ بوارێکی ئەندازەیدا هەیە؟

و/ قۆناغەکانی خوێندن :-

- **سەرەتایی :- قوتابخانەی (ئەندەلوس)ی سەرەتایی لە بەغداد (١٩٦٣-١٩٦٨)**
- **ناوەندی : - قوتابخانەی (الغربية المتوسطه)ناوەندی لە بەغداد .**
- **ئامادەیی :- قوتابخانەی ئامادەیی (المركزية) لە بە غداد.لەسالانی (١٩٦٨-١٩٧٣)**

- لەکۆلێجی ئەندازیاری زانکۆی بەغداخوێندنم لە بواری ئەندازیاری شارستانی لە ساڵانی (١٩٧٤-١٩٧٨) تەواو کرد .

- لەکۆلێجی ئەندازیاری زانکۆی بەغدا بڕوانامەی (ماستەر)م لە بواری ئەندازیاری جیۆتەکنیك لە ساڵانی (١٩٧٩-١٩٨٢) بەدەست هێناوە .

پ: ئەو پڕۆژانە چین کە ئەنجامتان داوە یان سەرپەرشتیتان کردووە لە ژیانی وەزیفیتاندا و چ پڕۆژەیەکی خۆتانتان لە هەموان پێسەرکەوتووترە؟

و/ زۆر کەم سەرپشتیاری پڕۆژە بووم و تەنها ئەوەی لە بیرم بێت پڕۆژەی (مدينةالطب) لەبەغداد لەبەر ئەوەی بواری ژیانی وەزیفیم ئەکادیمی بوو .

پ: چۆن بەراورد دەکەن لەنێوان ئەو پڕۆژانەی پێش ڕاپەڕین ئەنجامدراون و ئەوانەی لە ئێستادا ئەنجام دەدرێن لە ڕووی ئەندازەییەوە؟

و/ بە بۆچونی من ئەو پڕۆژانەی پێش ڕوخاندنی ڕژێم لە ڕووی ئەندازیاریەوە چاکتر بوە, بەڵام ژمارەی کەمترەو بە بەراورد لەگەڵ ئێستا ژمارەی پڕۆژەکان ئێجگار زۆرترە .

پ: ئەو خولە زانستیانە چین کە بینیوتانن و لە چ وڵاتێك؟

و/ خولە زانستیانەی کە بەشداریم کردوە :-

- **خولی ڕێگای وانەوتنەوە لە بەغداد .**
- **خولی (Finite element method) لە بەغداد .**
- **خولی (working method) لە بەغداد.**
- **خولی فێربوون (IT) لە سلێمانی ساڵی ٢٠٠٢ .**
- **خولی (pilot area research) تایبەت بە بواری ئاودێری و کشتوکاڵ لە وڵات هۆڵندە ساڵی ٢٠٠٥**

خولی (Remote sensing) لەوڵاتی هۆڵەندە ٢٠٠٥.

پ: ئایا سەردانی وڵاتانی بیانیتان کردووە یان نا ؟ ئەگەر کردووتانە لە ئەنجامی ئەو سەردان و بینینانەی کارە ئەندازەییەکاندا لەو وڵاتانەدا.. ئاستی ئەندازیارانی کوردو بیانی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

و/ سەردانی وڵاتی (ایران) لە مایس ٢٠٠٥ کردووە

سەردانی ولاتی (هۆڵەندە) لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥ کردووە

بە ڕاستی ولاتی (ایران) بینای زۆر بەرزی تیادا هەیە کە دەگەشتنە (٥٥قات) واتە زیاتر لە ١٥٠م و خولێك کرا بـە نـاوی (Tall building design) بۆم نەکرا ئامادە بم .

پ: ڕێنمایی و ئامۆژگاریەکانتان چییە بۆ ئەندازیارانی نەوەی نوێ؟

و/ ئامۆژگاریم ئەوەیە کە ئەندازیار هەمیشە ئەبێ هەوڵ بدات سەردانی ڕۆژەکان بکات لە گشت قۆناغەکانیدا لە بواری خۆیدا و بە چاوی خۆی سەیری چۆنیەتی ئە نجامدانی ڕۆژەکە بکات .

پ: کۆلێژی ئاودێری لەکەیەوە دامەزراوە؟

و/ بەشی ئاودێری هەرلە ساڵی (١٩٩٥-١٩٩٦) دامەزرایەوە وەك یەکەم بەش دوای ڕا پەرین و سەدان ئەندازیاری دەرچووە و خزمەتی ڕۆژەکانی کردووە و یەکەمە کان لە زانکۆ دامەزراوە وەك (معید) و پاشان لە ساڵانی دواتر تاکو سێهەمیش دامەزاراوە.

پ: گرنگی بەشی ئاودێری لە چیدایە؟

و/ بەشی ئاودێری ,بەشێکی زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی دوو بوار ئەگرێتە خۆی ,یەکەم بواری شارستانی و دووەمیش بواری ئاودێری و بەزل واتە ئەو ئەندازیارە توانای ئەبێت کە لە ڕۆژەکانی شارستانی یاخود ئاودێری کار بکات .

پ: لەبواری خوێندنی بالآدا, بەشی ئاودێری خوێندکاری هەیە یان نا؟

و/ لەبواری خوێندنی بالا تاکو ئێستا چوار خوێندکاری ناردۆتە دەرەوەی ولآت بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەی دکتۆراە وپێشتریش سێ خوێندکاری بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەی دکتۆراە ناردۆتە زانکۆکانی تر,هەروەها تائێستا هەشت بڕوانامەی ماستەری لەبواری هیدرۆلیك بەخشیوە.شایەنی باسەلەم کاتەدا ٤ خوێندکاری ماستەرو ٤ خوێندکاری دکتۆراە خۆیان ئامادە ئەکەن بۆ بە دەست هێنانی بڕوانامەکانیان .

پ: لە ئێستادا بەشی ئاودێری خوێندکار وەردەگرێت یان نا و هۆکاری چییە؟

و/ بەڵی خوێندکار وەرناگیرێت لە بەرئەوەی بە تەماین ناوی بەشەکە بگۆڕێت بۆ ناوێکی گونجاوتر لەگەڵ ئـەو وانانـەی کـە دەخوێندرێن لە چوار قۆناغەکەدا .

لە زانکۆکانەوە

بەمەبەستی دروستکردنی ڕایەڵەیەکی پەیوەندی لە نێوان لەلایەك یەکێتی ئەندازیارانی کوردوستان و گۆڤاری ئەندازیاران و لەلایەکی تریشەوە کۆلێژی ئەندازیاری لە زانکۆی سلێمانی. بەمەبەستی زیاتر توندوتۆڵکردنی هاوکاری و هەم ئاهەنگی لەڕووی ڕاوێژکردن و بەئاگابوونی یەکتر لە کارو چالاکیە زانستی و ئەندازەییەکان, بۆ ئەوەی هەموو تواناکان لە خزمەتی ئەندازیاران و گەشە و پێشخستنی ئیشوکارەکانی هەردوولادا بێت .

لەو پێناوەشدا لەلایەن کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سلێمانیەوە بەڕێز ئەندازیار بورهان محمد شریف و لەلایەن یەکێتی ئەندازیارانی کوردستانیشەوە بەڕێز ئەندازیار عادل لەتیف بۆ هاوکاری و هەماهەنگی دیاریکران و هەر ئەندازیارێکیش کە بیەوێت هاوکار و پشتیوانی لەم هەوڵەمان بکات دەتوانێت لە ڕێگەی ئیمەیلی ئەو دوو بەڕێزەوە پەیوەندی بکەن . بەهیوای سەرکەوتن و ئەنجامدانی کاری پڕ بەرهەم.

Burhanmuhamed@yahoo.com
adilmawlawi@yahoo.com

چالاکی و جموجۆڵە زانستی و ئەکادیمیەکانی کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سلێمانی

ئامادە کردنی
مامۆستا برهان محمد شریف- ڕاگەیاندنی کۆلێژی ئەندازیاری
Burhanmuhamed@yahoo.com

لەچوارچێوەی چالاکی و جموجۆڵ وخواست و بەرهەمە زانستی وڕۆشنبیری و ئەکادیمیەکانی کۆلێجی ئەندازیاری لە بەهارە وەرزی ئەم ساڵدا :

